# نوێگەری و پەراوێزخستنی کولتووری

## کاریگەرییان لەسەر شوناسی کوردی

**م.د. شەماڵ لطیف رشید**
Shamalrashid54@gmail.com
**کۆمەڵناسی کولتوور**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە:** ٢٠٢٥/٤/١ **بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:** ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

نوێگەری و پەراوێزخستنی کولتووری دیاردەگەلی ئاڵۆزن کە لە سەردەمی ئێستادا بەرچاوە. کاتێک کۆمەڵگەیەک بەرەو نوێگەری هەنگاو دەنێت، بەشێک لە کولتوورە نەریتییەکان دەکەونە بەر هەڕەشەی فەرامۆشکردن، کەنارخستن و تەنانەت لەناوچوون. ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوو دەدات، بەڵام کۆمەڵێک پاڵنەر هەیە کە ئەم پرۆسەیە خێرا دەکات و بە شێوەیەکی نەرێنی نەخشی خۆی لەسەر شوناسی کولتووری دادەنێت. وەختێک ئەم ڕوودانە سروشتییە لە ڕێگەی هەژموون و ویستی قۆرخکارییەوە دەگۆڕێت بۆ دەست بەسەرداگرتن و پەراوێزخستنی کولتووری ئەو کات کاریگەری نەرێنی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی زیاتر دەبێت. کاتێک کولتوورێکی زاڵ و بەهێز بە ئەجێندایەکی کۆڵۆنیالیستی، ئایدۆلۆژی، نەژادی یان ئایینی هەوڵی پەراوێزخستنی کولتوورێکی دیکە دەدات ئەوا کولتووری پەراوێزخراو ناچالاک دەکات و بەرەو تواندنەوەی دەبات. هەروەها، زۆر جار ئەو بەها و نەریتانەی کە لە ماوەی سەدان ساڵدا گەشەیان کردووە بۆ کۆمەڵگە سوودبەخش بوون، لەناودەچن. هەژموونی کولتووری جیهانی لە ئەنجامی گەشەی پرۆسەی مۆدێرنەی ماددیدا هۆکارێکی بنەماییە بۆ پەراوێزخستن و داگیرکردنی کولتووری لۆکاڵی لە ئاستی زمان، هونەر، ژیانی ڕۆژانە، بەها نەریتی و کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی ئەم پرۆسەیە مومکین دەکات، کۆمەڵێک نموونە و وێنە لەو بارەیەوە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە دەخاتە ڕوو. ئایدیای پشت ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی هەلومەرجی واڵاکردنی دەرگای هەژموونی کولتووری جیهانی و ناوچەییە لە سەر شوناسی کولتووری کوردی و ئارەزووی مرۆڤی کورد بۆ دابڕان لە کولتووری خۆیی و وەرگرتنی شوناسی کولتووری نەتەوەی سەردەست. کردەی پاراستنی شوناسی کوردی لە ڕێگەی تیۆرەی بەرخۆدانی کولتوورییەوە بە پارادایمی پاش کۆلۆنیالی و میتۆدی ڕەخنەی کولتووری شرۆڤە دەکرێت و دەخرێتە ڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** هەژموونی کولتووری، پەراوێزخستنی کولتووری، بەرخۆدانی کولتووری، پاراستنی شوناس.

**پێشەکی**

ململانێی نێوان مرۆڤەکان بۆ مانەوە وەک مرۆڤی سەردەست، ئاڵۆز و مێژووییە. بەهەمان شێوە ململانێ لە پێناو مانەوەدا لەگەڵ درستبوونی یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ ژیان لەسەر زەوی دەستی پێکردووە. بەردەوام کۆمەڵە خەڵکێک هەوڵیان داوە کۆمەڵێکی دیکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەم پەیوەندییە ئاڵۆزەدا هێز ڕۆڵی بنەمایی گێڕاوە. هێز جوڵێنەری مێژووی ململانێکان بووە لە نێوان گروپ، خێڵ و پاشان ئیتنیکە جیاوازەکاندا. لە سەردەمی پرۆسەی نوێگەریدا نەتەوەکان هەموو کات لە ململانێدابوون بۆ سەردەستەیی، هەڵیان داوە نەتەوەی لاواز بکەنە ژێردەستەی خۆیان و هەژموونی بەسەردا بکەن. ئەم پرۆسەیە زۆر ڕووکاری جیاوازی لە خۆی گرتووە. یەکێک لەو نەتەوانەی کە زۆر کاریگەر بووە بەم پرۆسەیە نەتەوەی کوردە، کە بەچەندین قۆناغی پرۆسەی توانەوەی یەک لە دوای یەکدا تێپەڕیوە، لە هەر قۆناغێکدا هەوڵی پەرتکردنی دراوە بەشێوەی جیاواز. پاشان هەوڵی پەراوێزخستن و توانەوە ئەجێندا و جیهانبینی نەتەوەسەردەستەکان بووە بەسەر کورددا، جگە لە هەوڵی سڕینەوەی جەستەیی یاخود جینۆساید، خراپترین جۆری پەراوێزخستن و توانەوە دەستی پێکرد بە تایبەتی لە دوای دروستبوونی دەوڵەت- نەتەوەی مۆدێرن کە بریتی بوو لە پەراوێزخستن و توانەوەی کولتووری لە سەر ئاستە جیاجیاکانی کولتووری کوردی بۆ ئەوەی بە تەواوی بێ شوناس و بێ مێژوو بکرێت و فڕێدرێتە دەرەوەی مێژوو. بەڵام لە بەرامبەردا هەمووکات هەوڵەکان بۆ مانەوە و بەرەنگاری هەوڵی گرنگ بوون، هەوڵەکانیش ئەو پرۆسەیەیان پەکخستووە. ئەویش بریتییە لە بەرخۆدانی کولتووری لەسەردەمی نوێدا. بەرخۆدان بەرامبەر بەو هەژموونە کولتوورییە، میکانیزمی بەرگری جیاوازی سەرێخستووە کە لێرەدا لەئاستی زمان وەک بنەمایەکی گرنگی شوناسی نەتەوەیی و هەروەها گێڕانەوەی مێژوو لە ڕێگەی کورد خۆیەوە. هەروەها کورد خۆی پێناسە لەخۆی بکات نەک کەسانی دیکە. ئەمەش ڕێگە خۆش بکات تا لە ئاستی ئەوی دیکەی سەردەستدا بین نەک کەمتر لە ئەوان. ئەم توێژینەوەیە بە ڕوانین لە چەندین تیۆری گرنگن کە بە تیۆرەکانی پاش کۆلۆنیاڵیزم دەناسرێن ئەنجام د ەدرێت، کە بەبڕوای توێژەر کۆمەک دەکات بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی دیاردەی پەراوێزخستن و توانەوەی کولتووری کوردی لە ژێر هەژموونی کولتووری نەتەوەی سەردەستدا.

**کێشەی توێژینەوەکە**

١.کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەک پاڕادایمێکی ناوچەیی بۆ توانەوە و پەراوێزخستنی کولتووری کوردی لە سەدساڵی ڕابردووەدا کێشەیەکی سیاسی و کولتووری کۆمەڵگەی کوردییە. کاریگەری نوێگەری لەسەر ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە و بەکەمینەکردنی کورد.

٢. ڕۆڵی پەراوێزخستنی کولتووری وەک سیاسەت و پلانی نەتەوەی سەردەست بۆ لە کولتوورخستنی نەتەوەی بندەست و بێ شوناسکردنی.

٣. خستنە ڕووی میکانیزمەکانی بەرخۆدان بەرامبەر ئەم پەراوێزخستنە کولتوورییە لە ژێر سایەی هەژموونی کولتووری دەوڵەت-نەتەوەی سەردەستدا دەبێتە کێشەی سەرەکی و مەراقی تیۆریکی ئەم توێژینەوەیە.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## گرنگی توێژینەوەکە

پاراستنی کولتووری ڕەسەن و مانەوەی توخمە کولتوورییە بنچینەییەکان کە دەبنە شوناسی ڕاستەقینەی نەتەوەیەکی بندەست، لە ڕێگەی بەرخۆدانی کولتووری لە سەر ئاستی زمان، ئاستی گێرانەوە وەک هونەر، ئەدەبیات، نوکتە و جل وبەرگ و شێوزای ژیان دەبنە خاڵی دیاری گرنگی ئەم توێژینەوەیە، کە دەشێت هۆکاربن بۆ پاراستنی ناسنامەی کوردی.

## ئامانجی توێژینەوەکە

خستنە ڕووی هەژموونی مۆدێرنەی دەوڵەتی و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لەسەر کولتووری کوردی. هەروەها دەرخستنی ئەو ڕەگەز و میکانیزمە بەرگرییانەی کە بەرخۆدانی کولتووری سەرڕێ دەخەن بۆ مانەوە و پاراستنی شوناسی کولتووری. ئایا ئەو میکانیزمە بەرگریانە چین و چۆن دەتوانن بەرخۆدانی ڕاستەقینە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی کولتووری و پەراوێزخستنی کولتووری کوردی سەرڕێ بخرێت؟

## میتۆدی توێژینەوەکە

میتودی ڕەخنەی کولتووری یەکێکە لە گرنگترین ئاڕاستە ڕەخنەییەکانی شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردە کولتوورییەکان. ئەم میتودە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەلایەن قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە پەرەی پێدرا و دواتر لەلایەن چەندین بیرمەندی دیکە فراوانتر کرا. ڕەخنەی کولتووری هەوڵ دەدات پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان کولتوور، کۆمەڵگە، دەسەڵات و ناسنامە شیبکاتەوە. ئەم میتودە تەنها وەسفکردنی دیاردە کولتوورییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدات لە پەیوەندییە قووڵەکان و دینامیکییەتی هێز تێبگات کە لە پشت ئەم دیاردانەوە هەن.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێچکەی ڕەخنەی کولتووری بریتین لە: یەکەم، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنانی کولتووری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. دووەم، شیکردنەوەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانەوەی هەژموون لە ڕێگەی کولتوورەوە. سێیەم، دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیانەی کە بەهۆیانەوە گرووپە جیاوازەکان بەرەنگاری هەژموون دەبنەوە (Fiske, 2011: 45). لە ڕووی پراکتیکییەوە، ڕەخنەی کولتووری چەند هەنگاوێکی سەرەکی لەخۆدەگرێت: سەرەتا، دیاریکردنی دیاردەی کولتووری و کۆنتێکستە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی. دواتر، شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی هێز و چۆنیەتی کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کولتوور. لە کۆتاییدا، دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیانەی کە بەهۆیانەوە کولتوور دەتوانێت ببێتە ئامرازی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی. ڕەخنەگرانی کولتووری گرنگی تایبەت دەدەن بە شیکردنەوەی میدیا، ئەدەبیات، هونەر، موزیک و فۆرمەکانی دیکەی دەربڕینی کولتووری. ئەوان هەوڵ دەدەن تێبگەن کە چۆن ئەم بەرهەمانە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن و هاوکات چۆن دەتوانن ببنە هۆی گۆڕانکاری لەم پەیوەندییانەدا. لە کۆتاییدا، میتۆدی ڕەخنەی کولتووری تەنها میتۆدێکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی کۆمەڵگە و دۆزینەوەی ڕێگەکانی گۆڕانکاری. واتە ئەم میتۆد و پارادایمە مەبەستی دۆزینەوە (Discovery) نییە، بەڵکو مەبەستی تێگەیشتن و چاککردنەوەیە Ricovery). ئەم میتۆدە بەتایبەت گرنگە بۆ تێگەیشتن لە دینامیکییەتی بەرخۆدانی کولتووری و چۆنیەتی

بەکارهێنانی کولتوور وەک ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانی و چەوساندنەوە. ئەم توێژینەوەیە لە دیدێکی رەخنەییەوە ئەم میتۆدە دەخاتە ناو کۆنتێکستی دیاردەیەکی مەترسیداری دنیای نوێ کە ئەویش پەراوێزخستنی کولتووری خانەخوێ (داگیرکراو)ە لە لایەن کولتووری میوان(داگیرکەر)ەوە کە بەدیاردەی هەرەباوی سەدەمی پاش کۆلۆنیالزم یاخود کۆلۆنیالیزمی نوێ ناودەبرێت.

### هەژمموونی کولتووری

هەژموونی کولتووری دەستەواژەیەکی مۆدێرنە، لە پەیوەندیدایە لەگەڵ دوو چەمک و دیاردەی سیاسی دیکە، کە بریتین لە سەردەستی و بندەستی، واتە گوزارشت لە کۆنترۆڵی چین/ نەتەوەی باڵادەست دەکات بەسەر کولتووری بندەستدا. ئەم تیۆرە ئەوە دەخاتەڕوو کە کولتوورە بەهێزەکان لە ڕێگەی هێزی نەرم و میدیاوە هەژموونی خۆیان دەسەپێنن بەسەر کولتوورە لاوازەکاندا، کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی تایبەتمەندی کولتوورە لۆکاڵییەکان. هەژموونی کولتووری، لەلایەن بیرمەندی ئیتالی ئەنتۆنیۆ گرامشی (١٩٧٥) خراوەتە ڕوو. ئەم چەمکە ئاماژە بە دەسەڵات یان زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای (کولتووریی) دەکات. ئاماژە بە توانای گرووپێک لە خەڵک دەکات بۆ پاراستنی هێز و کاریگەری لە بیر، چاوەڕوانی و ڕەفتاری بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە یان کۆمەڵگەکان. ناوەندی ئەم زاڵبوونە لە ئاراستەکردنی نۆرماتیڤی بیرۆکە، بەها و باوەڕەکانە کە دەبێتە جیهانبینی زاڵی کۆمەڵگەیەک (دهقانی و دیگران، ٢٠١٧: ٢٢). گرامشی ئەم چەمکەی لەسەر بنەمای تیۆری مارکس کە ئایدیۆلۆژی زاڵ لە کۆمەڵگەدا ڕەنگدانەوەی باوەڕ و بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدارە، لەگەڵ ڕەزامەندی بۆ حکومەتی گرووپی زاڵ تێکەڵکرد و مانای دەسەڵاتی بۆ (هەژموون) گۆڕی. چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە، ملکەچبوون بۆ ئەم زاڵبوونە، لە هەژموونی کولتووریدا بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر و ڕەچاوکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان کە لەگەڵ جیهانبینی چین/نەتەوەی دەسەڵاتدار دەگونجێن، ئەنجام دەدرێت (دهقانی و دیگران ، ٢٠١٧: ٢٢). جگەلەوە تێری ئیگڵتون (١٩٩١) مەبەستی گرامشی لە بەکارهێنانی وشەی هەژموونی بەم شێوەیە شیدەکاتەوە: "هەژموون بەگشتی نیشاندانی ئەو ڕێگەیانەیە کە دەسەڵاتی زاڵ بە یارمەتی ئەوان کۆدەنگی شوێنکەوتوانی خۆی بۆ دەسەڵاتداری دەستەبەر دەکات. بەم مانایە گرامشی سەروەری یان هەژموونی وەک جۆرێک ڕابەرایەتی کولتووری پێناسە کردووە کە لەلایەن چین/نەتەوەی سەردەستەوە پیادە دەکرێت. ئەو سەروەری لە بەرامبەر جێبەجێکردنی دەسەڵاتێک دادەنێت کە دەزگای یاسادانان و جێبەجێکردن ئەنجامی دەدەن یان بە دەست تێوەردانی پۆلیس جێبەجێ دەکرێت(گرامشی، ١٩٧٥). لە ڕووی مەعریفەناسییەوە، گرامشی دژی مارکسیزمی کلاسیک بوو کە پێی وابوو بیر و ئەندێشە ڕەنگدانەوەی ژێرخانە یان کولتوور و ئایدیۆلۆژیا ڕەنگدانەوەی بارودۆخی بەرهەمهێنان و ماددییە. ئەو پێیوایە کولتوور سەربەخۆیی ڕێژەیی هەیە و پەرەسەندنی بیر و ئەندێشەکان یان سەرخانە فیکرییەکان، دەتوانن هاوکات هەم شێوازی بەرهەمهێنان و هەم سەرخانە فیکرییەکانی کۆمەڵگە بگۆڕن (فتوحی، ١٣٩٣: ١٣٦). بە پێی ئەم تیۆرییە، دەسەڵات تەنها بە هێز نایەتە دەست، بەڵکو لە ڕێگەی ڕازیکردن و باوەڕپێهێنانی خەڵکەوە دێتە دەست. هەژموونی کولتووری واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی کولتوور لەلایەن چین/نەتەوە دەسەڵاتدارەکانەوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان. گرامشی پێی وابوو کە دەسەڵات تەنها لە ڕێگەی هێزی سەربازی یان ئابوورییەوە نایەتە دەست، بەڵکو لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بیرۆکە و بەهاکانی کۆمەڵگاوە بەدی دێت. بە پێی ئەم تیۆرییە، چین/نەتەوە سەردەستەکان لە ڕێگەی دامەزراوە کولتوورییەکان (وەک میدیا، پەروەردە، ئایین) بیروباوەڕی خۆیان بڵاو دەکەنەوە. ئامانجی هەژموونی کولتووری بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکە بۆ دۆخی هەنووکەیی، بە

sjh@univsul.edu.iq

جۆرێک کە خەڵک پێیان وابێت ئەم دۆخە سروشتی و حەتمییە. بەم پێیە هەژموونی چینی دەسەڵاتدار بۆ ئەو بەو مانایەیە کە ئەم چینە توانیویەتی چینەکانی کۆمەڵگە هان بدات بۆ قبووڵکردنی بەها ئەخلاقی، سیاسی و کولتوورییەکانی خۆی ( Strinati: 222 :2021). لەم گۆشە نیگایەوە، هەژموونی سیاسی و سەربازی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، تەنیا کاریگەری ئابووری و سیاسی بەسەردا جێ نەهێشتووە، بەڵکو مەرامی سەرەکی لە هەژموونی سیاسی و داگیرکردنی خاک بە پلەی یەکەم دستبەسەرداگرتن و کەنارخستنی کولتووری کوردی بووە لە ڕێگەی زمان، هونەر، شوێنەوار، داب و نەریت و بەهاکانییەوە، چونکە هەر میللەتێک توانیت کولتوورەکەی لەناو بەریت بە ئاسانی دەتوانیت لە سەر نەخشەی زەوی بیسڕیتەوە و بیکەیتە دەرەوەی مێژوو. ئەوەی لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەنجامدراوە فۆرمێکی دیاری سڕینەوەی کولتوورییە، کە لەڕێگەی توانەوەی کولتووری ژێردەست لەناو کولتووری سەردەستدا جێبەجێکراوە. ئەم زاڵبوونە لە ڕوانگەی گرامشییەوە بە بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا زاڵەکان لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک پەروەردە و فێرکردن، میدیا، خێزان، ئایین، سیاسەت و یاسا ئەنجام دەدرێت. هەڵبەت لە باشووری کوردستان جگە لە مێژوویەکی سەد ساڵە لە کولتوورکوشتن، زمان کوشتن و بەعەرەبکردن لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە، دەتوانین بۆ کایەی پەروەردە ئاماژە بۆ یەکەمین هەنگاوی ئایدۆلۆژیانەی کولتووری ناوچەیی و زاڵ بکەین لە ڕووی پەروەردەییەوە، ئەویش بە کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی خوێندنی تورکی بەناوی (کۆلێژی سەلاحەدین) کە سەر بە ڕەوتی خزمەتی فەتحوڵا گولەن بوو لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، کە بە ئاشکرا و بێ پرنگانەوە، کولتووری تورکچێتی و زمانی تورکی بەخوێندکارانی کورد دەگوترایەوە و نەوەی نوێ بە ئایدۆلۆژیای ئەو گروپە گۆشدەکران. پاشان ئەمە لە پەروەردەوە گواسترایەوە بۆ کایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان. ڕەفتار و ئەندێشەی ئەم گروپە گواسترایەوە بۆ ناو ئەندامانی ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان لەو خوێندنگەیانە دەیانخوێند، کە ئێستا بەشێکی زۆری ئەو خوێندکارانە لە تورکیا کاردەکەن و دەخوێنن و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە کولتوور و هەستی نەتەوەیی کوردییەوە نەماوە لە ناو کولتووری نەتەوەی سەردەستدا بە یەکجاری تواونەتەوە. ئەم ئەجێندایە بەناوی مۆدێرنیزەکردنەوە وەک جۆرێک لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بەسەر ئەم بەشەی کوردستاندا سەپێندرا. ئەم سیاسەتە کولتوورییە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان بە هەمان شێوە ڕاستە.

## نوێگەری و کۆلۆنیالیزمی کولتووری

تیۆری پاش کۆلۆنیالیزم لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەرکەوت و گەشەی سەند. ئەم تیۆرەیە گرنگی بە دەنگە پەراوێزخراوەکان دەدات و هەوڵی تێگەیشتن لە دینامیکی هێز لە نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا دەدات (البازیر، ٢٠٢٠: ٢٥). ئەم تیۆرە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە کولتووری، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆلۆنیالیزم دەکات لەسەر کۆمەڵگە کۆلۆنیکراوەکان. تیۆری پاش کۆلۆنیاڵیزم بریتییە لە: ١. ڕەخنەگرتن لە گوتاری کۆلۆنیاڵی و هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی.٢. گرنگیدان بە دەنگی ژێردەستەکان و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی مێژوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە.٣. شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان، هێز و کولتوور.٤. لێکۆڵینەوە لە پرسی ناسنامە و چۆنیەتی دروستبوونی. ئەگەرچی کوردستان لە سەر ئاستی هەر چوارپارچەکە کۆلۆنیاڵکراو نەبوو لە سەردەستی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی وەک بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا...هتدا. کە زۆربەی دەوڵەت- نەتەوەکانی ئەوسای وەک عێراق، سوریا، لوبنان و میسر کۆلۆنی کرابوون، بەڵام بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو لەژێر هەژموونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی یاخود ناوچەییدا بووە. کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە نوێیەی

sjh@univsul.edu.iq

کۆلۆنیالیزم نەرێنیتر ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کولتووری و سیاسی کوردستان دروستکردووە، چونکە ویستی تواندنەوە(ئەسیمیلەشن) و پەراوێزخستنی کولتووری لەسەر بنەمای نەتەوە، ڕەگەز و نەژادی لێکەوتوتەوە. هەروەک دیڤید ڕۆمانۆ لە کتێبی(بزاڤی ناسیۆنالیستی کورد)دا دەڵێت: "بەدڵنیای پرسی دابەشبوونی زمانی، ئایینی، کولتووری خەڵکی کورد بە تەواوەتی سروشتێکی سیاسی هەیە، بە جۆرێک دژبەرانی ناسیۆنالیستی کورد تێدەکۆشن ئەو جیاوازی و دابەشبوونە زۆر فراوانتر بکەنەوە، بە جۆرێک کە حاشا لە بوونی خەڵکی کورد یان نەتەوەیەک بەناوی کورد بکەن"(ڕۆمانۆ، ٢٠٢٠: ٢٢٥). دابەشکردنی سیاسییانەی کورد و هەژموونی کۆلۆنیاڵییانەی تورک، عەرەب و فارس لەژێر ویست(نەزعە)ی پەراوێزخستندا و بەبیانووی بەشارستانیکردن و بە مۆدێرنکردنی کورد، کردنیان بە مرۆڤی سەردەم و نوێخواز، بووە هۆی ئەوەی زمان و کولتوورەکەی پەراوێز بخەن و ئەسیمیلەی بکەن بۆ ئەم مەبەستە دەستیانکرد بە سیاسەتی قەدەغەکردن و هەڵپەساردنی چالاکییە کولتووری و سیاسییەکان. لە هەرچوار پارچەی کوردستان بەگشتی، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی کەم تا زۆر لە قۆناغی جیاجیادا قەدەغەکراون، لە عێراق لە ساڵانی حەفتاکان، بەشێوەیەکی سیستماتیک کتێبە دەستنوسە کوردی و ئاینییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە کۆکرانەوە (سادق مەلازادە، ٢٠٢٢: ٢٥٩). بەڵام لە ڕاگەیاندن و بۆنەکاندا ئاماژەیان بە پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب دەکرد و بە برا ناویان دەبردن. لە تورکیاش لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە ماڵ، کۆڵان، قوتابخانە و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەیاسا، بە قەدەغەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپ و وەشان، برینەوەی سزای زیندانیکردن و پێبژاردن بەشێوەیەکی بەربڵاو، دۆخێکی وەها تەنگ و تاریک سەپێنرا، کە تواندنەوە و لەبیرچوون و بێباوەڕی و خۆبەکەم زانین و شانازیکرن بە تورکبوون، بوون بەدیاردەی زۆق لە کایەی گشتی و تایبەتدا، ئەم قەدەغەکردنەی زمان نزیکەی حەفتا ساڵی خایەند(سادق مەلازادە، ٢٠٢٢: ٢٨٦). ئەم پرۆسەیە لە ئێرانیش تا ئەم ساتە بەردەوامە و ڕۆژانە خەڵکانی چالاکوان و مامۆستایانی زمانی کوردی دەستگیر دەکەن و لە زیندانیان دەپێچن بۆ نموونە زارا محمەدی و دەیانی دیکە.

ئەم تۆقاندن وێناندنە نەرێنییە بۆ مرۆڤی کورد بووە هۆی ئەوەی کە تاکی ئەسیمیلەکراوی کورد لە هەر شوێنێک بێت لە ناسنامەی خۆی هەڵبێت و لە بەرگی ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا خۆی نیشان بدات، تا وەک کەسێکی نوێخواز و شارستانی ئاماژەی بۆ بکەن. لە تورکیا کورد وەک جاهیل، نامەدەنی، ئاییندار و دواکەوتوو وێنا دەکرا، بۆیە لە دیدی دەوڵەتەوە دەبێت بکرێن بە تورکێکی مۆدێرن، سێکۆلار و شارستانی. بۆ ئەم مەبەستە گاڵتە بە زمانی کوردی دەکرا و دەگوترا زمانێکی ڕەسەن نییە، لە چەند وشەیەک پێکهاتووە و زۆربەی وشەکانی تورکییە و هەندێکیشی عەرەبی و فارسییە، کوردەکان نە مێژوویان هەیە نە کولتوور و نە نەریت (کرمانج، ٢٠٢٢: ٧٥). ئەمە پارادایمی زاڵی هەرچوار دەوڵەتەکەیە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، پارادایمێک کە لە دەوڵەت و سیاسەتی دەوڵەتییەوە دابەزیوەتە ناو کۆمەڵگە و خێزان و تاک بەتاکی خەڵکی ئەو چوار دەوڵەتە بە جۆرێک کە لە سایکۆلۆژی ئەواندا جێی گرتووە و بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە، ئەمەش خۆی لە وردە کولتوور و مامەڵەی ڕۆژانەدا بەرجەستە دەکات. ئەگەر ئێستا دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە بە شێوەیەکی "ڕاستەقینە!" دەست درێژبکەن بۆ چارەسەری پرسی کورد ئەوا خەڵک لە ئاستی جەماوەرییدا دەبنە ڕێگر، چونکە لە پەروەردە و سایکۆلۆژیایاندا دژایەتی پرسی کورد ڕەگی داکوتاوە. بۆ نموونە لە ڕاپرسییەکی نوێی سەنتەری مترۆپۆڵ بۆ توێژینەوەی سیاسی و ڕاپرسییەکان کە لە ٢٠٢٥/١/١٥ بڵاوکرایەوە ٧١.٩% خەڵکی تورکیا پێیان وایە دەستپێشخەری دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە بۆ ئاشتی لەگەڵ کورد هەڵەیە. ئەم ڕاپرسییە لە ٢٦ پارێزگای تورکیا وباکوری کوردستان ئەنجام

دراوە (ڕووداو: ٢٠٢٥). ئەم سایکۆلۆژیایە لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردەوە لەناو منداڵاندا چێندراوە و نەوە لە دوای نەوە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی دووررودرێژی ڕقلێبوونەوەوە گواستراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی ئاوێتەبوون و تێکەڵکردنی کولتوورییەوە ئەنجام دراوە کە لای بیرمەندێکی وەک هۆمی بابا بە (هایبریدیتی) ناسراوە کە پەیوەندی بە تێکەڵبوونی کولتوورەکانەوە هەیە. ئەو پێی وایە کە لە پرۆسەی تێکەڵبووندا، کولتووری ژێردەست دەتوانێت بە شێوازێکی ستراتیژی کەڵک لە توخمەکانی کولتووری زاڵ وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوە. ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی فۆرمێکی نوێی کولتووری کە نە بە تەواوی سەر بە کولتووری زاڵە و نە بە تەواوی سەر بە کولتووری ژێردەستە. لە بنەمادا ئەمە جۆرێک لە ونبوون و پەراوێز خستنە، چونکە نابەرابەری هەیە لە توانایيە کولتورییەکاندا. جووت کولتووری بۆ نەتەوەی بندەست شێواوی و ناسەقامگیری بەرهەم دەهێنێت. هەموو ناسەقمگیریەکیش لەبەرژەوەندی کولتووری زاڵ و سەردەست تەواو دەبێت. هۆمی بابا چوارچێوەی چەمکەکانی خۆی لەو سنوورانەدا دادەڕێژێت کە پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو گەیشتووەتە خاڵێکی تاڵ و پرتێچوو، واتە گەیشتن بە خاڵی گەڕانەوەی مەحاڵ بۆ ڕابردوو وەک خۆی. لێرەدا هۆمی بابا چەمکەکانی وەک کەلێنە نێوەندییەکان، دوو ڕەگەزی، شوێنی کولتوور، وەرگێڕانی کولتووری، ڕوانگەی پەراوێز و لاسایکردنەوە پێشکەش دەکات(هۆمی بابا، ٢٠٠٤: ٤٣). لە کتێبی "شوێنی کولتوور"دا، کولتوورە "پاش کۆلۆنیالەکان" وەک هایبرید (دووڕەگە) وەسف دەکات، کە تیایدا دەکرێت توخمە دژبەیەک و جیاوازەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی جیاوازیيە کولتوورییەکان و ئاشکراکردنی هایبریدیەت یان فەزای سێیەم، وەک هۆمی بابا ناوی دەبات، دەربخرێن(هۆمی بابا، ٢٠٠٤: ١٠٠). فەزای سێیەم فەزایەکی جیوەییە، پانتاییەکە کولتووری زاڵ ناتوانێت بە ئاسانی بە بێ لەفلتەردان دەستی پێی بگات، ئەو شوێنەیە کە سیمبوولەکان ڕۆڵیان هەیە تیایدا، ئەو سیمبولانەی کە داگیرناکرێن. ئەگەر لە هەلومەرجێکدا ئەم تێزە تا ئەندازەیەکیش ئامانجەکانی نەتەوەی بندەست بپێکێت، ئەوا لە هەلومەرجی کولتووری کوردیدا، جگە لەو هۆکارنەی کە ئاماژەمان پێدان بۆ توانەوەی کولتووری کوردی لە نێو کولتووری زاڵدا، لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری ناوخۆییش هەن کە ئەم پرۆسەیە ئاسان دەکەن. ئەوەی دەبینین تاکی کورد خۆی مەیلی ئەویتربوونی هەیە لە ڕووی کولتوورییەوە، سەرسامبوونی مرۆڤی کورد بە زمانی تورکی، عەرەبی و فارسی، بە ڕاقی زانین و تەماشاکردنی وەک توخمێکی ڕۆشنبیری بۆ زمانی نەتەوەی سەردەست، هەروەها بۆ نیشاندانی ئەوەی کە خاوەنی دانایی و زانینە، هەستی خۆبەکەمزانین لە بەرامبەر ئەویتردا بۆتە هەڵگری زمانی داگیرکەر و کۆلۆنی. مرۆڤی ئەسیمیلەکراو وێنایەکی باشی بۆ دەکرێت لە لایەنی کولتووری سەردەستەوە، مرۆڤێکە تێگەیشتو و بەشارستانییەت گەیشتووە، چونکە داڕنراوە لە هەرچی توخمێکی کولتووری کە ناسنامە ڕەسەنەکەی نیشان بدات. خۆنیشاندانی تاکی کورد وەک مرۆڤی مۆدێرن و بەشارستانی بوو لە نێو ئەو دەوڵەت- نەتەوانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە لە ڕێگەی زمان، هونەر، ژیانی ڕۆژانەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە مەیلی ئەویتربوون مەیلێکی زاڵە بۆ ئەوەی لەو وێناندنە نەرێنییەی (تورکی شاخی، گوندی، بێ کولتوور، نەخوێندەوار، توندوتیژ، نەزانینی زمانی خۆشەویستی..هتد) ڕزگاری بێت. ئەمەش جگە لە سیاسەتی توانەوەی مرۆڤی کورد و کولتوورەکەی لە نێو زاڵێتی کولتووری سەردەستدا، هاوکات مەیلێکی خۆویستانەیە. لە ئێران تیۆریای نەژادی ئاریایی وەک ئەوەی کە هەموو کات ئێرانییەکان جەختی لێدەکەنەوە وەک نەتەوەی هەڵبژێردراو، لە ڕێگەی پەروەردەی مۆدێرن و زانکۆکانەوە، هەروەها سەپاندنی زمانی فارسی وەک تەنیا زمانی ڕەسمی پەروەردە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە نوخبەی کورد خۆیان پەرە بەو

sjh@univsul.edu.iq

تیۆریا ساختەیە بەدەن(ئەردەڵان، ٢٠١٩: ٣٣). مۆدێرنیزەیشن و بەشارستانیکردن بیانویەکی سیاسی، کولتووری و ویستێکی ئیرادەخوازییە بۆ توانەوەی نەتەوەی کورد لە نێو زاڵێتی و زۆرینەی نەتەوەی سەردەست لەهەرچوار پارچەی کوردستان بۆ دارِنینی کورد لە زمان و کولتوورەکەی، چونکە هەموو کات ئەوان وا وێنای کورد دەکەن کە پێویستە بە مۆدێرن بکرێت و بکرێنە کەسی شارستانی، لەبەرئەوەی دیدگەی کۆلۆنیالیزمی ناخۆیی، کورد بە دواکەوتوو، نەخوێندەوار، چیایی، توندوتیژ و دوور لە شارستانییەت پێناسەدەکات. دەبینین لە سەردەمی پەهلەویدا مۆدێرنیزەکردن لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ناوچە گوندییەکانی کوردستانی لە ڕووی ئابورییەوە لە پێشکەوتن دوورخستەوە، لەکاتێکدا ژیانی شار بە خێرایی گەشەی دەکرد(محمدپور و سلێمانی،٢٠٢١: ٤٤٤). مەیلی بوون بە **ئەویتر**، وەک ئەویتری سەردەست مامەڵەکردن، گوتن، پۆشین، خواردن و سەماکردن وەک ئەویتری سەردەست، مەیلی زاڵی کوردە لە هەر چوار پارچەدا. بۆ نموونە لە باشور دەبینن لەژێر ئەو کاریگەرییەدا بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، عەرەبی نیشانەی مرۆڤی خوێندەوار و بەکولتوورە، ناونانی چێشتخانە، قوتابخانە ناحکومی، نەخۆشخانەی ئەهلی، دوکان، قاوەخانە و چایخانەکان و تەنانەت ناونانی منداڵەکانیش ناوی کوردی نین و گوزارشت لە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆی و ئاسیمیلەیشن دەکەن. بێگومان ئەمە کاریگەر دەبێت لەسەر سڕینەوەی شوناسی سیاسیمان.

**بەرخۆدانی کولتووری و پاراستنی شوناس**

ئەم میکانیزمە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵگەکان توانای بەرخۆدان و بەرگریکردنیان هەیە لە کولتووری خۆیان. کولتوورەکان دەتوانن خۆیان بگونجێنن و بەردەوام بن تەنانەت لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە گەورەکانیشدا. جەیمس سکۆت (١٩٦٣-٢٠٢٤) چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گرووپە بندەستەکان لە ڕێگەی کولتوورەوە شیدەکاتەوە. بەپێی تیۆرەکەی سکۆت، بەرخۆدانی کولتووری شێوازێکی نەرمە لە بەرەنگاربوونەوە کە تێیدا خەڵکی بێدەسەڵات لە ڕێگەی میکانیزمە کولتوورییەکانەوە دژی دەسەڵاتی زاڵ دەوەستنەوە. لەم تیۆرەیەدا، گرنگی بە شێوازە ناڕاستەوخۆکانی بەرەنگاری دەدرێت وەک: زمان، گۆرانی، شیعر، چیرۆک، نوکتە و دابونەریتە کولتوورییەکان. ئەم شێوازانە وەک چەکێکی نەرم بەکاردێن بۆ پاراستنی ناسنامە و بەها کولتوورییەکان، هەروەها وەک ڕێگایەک بۆ ڕەخنەگرتن لە هەژموون و سەردەستبوون بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ (Scott, 1990: 60 ). سکۆت پێیوایە کە ئەم جۆرە بەرخۆدانە زۆر کاریگەرە، چونکە دەسەڵاتی زاڵ ناتوانێت بە ئاسانی بەرەنگاری ببێتەوە و سەرکوتی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بەرخۆدانی کولتووری دەبێتە هۆی دروستبوونی هۆشیاری بەکۆمەڵ و پاراستنی کەسایەتی و شوناسی گرووپە ژێردەستەکان(Scott, 1985). پاشان بەرخۆدان تەنها لە شێوە توندوتیژ و ڕاستەوخۆکاندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو زۆرجار لە شێوازی نەرم و ڕۆژانەدا دەردەکەوێت. ئەو، ئەم شێوازانەی بەرخۆدان بە "هونەری بەرەنگاری" ناو دەبات کە بریتین لە یەکەم: گوتاری شاراوە (Hidden Transcripts)مەبەست لەو گوتار و دەربڕینانەیە کە گرووپە ژێردەستەکان لە پشت پەردەوە بەکاریان دەهێنن وەک چیرۆک و ئەفسانە میللییەکان، گۆرانی و هۆنراوەی ڕەخنەگرانە، نوکتە و گاڵتەجاڕی سیاسی. دووەم: بەرخۆدانی ڕۆژانە (Everyday Resistance)وەک: خۆگێلکردن و خاوکردنەوەی کار، دزەکردن و شاردنەوەی سەرچاوەکان، پشتگوێخستنی فەرمانەکان بە شێوەیەکی نەرم، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و قسەی پشت پەردە.

ئەگەرچی ڕایەک هەیە پێیوایە هیچ یەک لەم بەرخۆدانە مەدەنییانە نابنە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و داهێنەرانە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری یاخود هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی ئەوەی پێی دەگوترێت کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، بەڵکو ئەو ڕایە وای

دەبینێت ڕوانگەی شۆڕشی ڕاستەوخۆ و توندوتیژی شۆڕشگێرانە لە فۆرمە مارکسیەکەیدا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت بۆ ئەو جۆرە لە داگیرکاری. ئەمە پێی دەگوترێت میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی ڕادیکاڵ، واتە قەرەبووکردنەوەی شکستەکان بەشێوەی دژبەری و وەک ئەویدیکەی داگیرکەر ڕەفتارکردن و بەرپەرچدانەوەی توند و دڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. ئەمەش ئایدیایەکە کە هەندێک بڕوایان پێیەتی و پشگیری دەکەن، چونکە تێزی کۆلۆنیالیزمی هەمیشەی کە بەدرێژایی دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن بەسەر کوردستاندا سەپاوە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، تێزێکە هەڵگری ئارگۆمێنتی لۆژیکی خۆیەتی. یەکێک لەو ئەرگۆمێنتانە ئەوەیە کە دەشێت لە ڕێگەی قەرەبووکردنەوەی ڕادیکاڵەوە خۆ لە پێناسەی سەپاوی ئەویدیکە دەرباز بکەین کە کورد بە مرۆڤی دڵساف، لێبوردە وێنادەکات. وەختێک کورد لە پێگەی مرۆڤی بندەستدایە بەرزکردنەوەی دروشمی(ئاشتی و برایەتی گەلان) بەهایەکی جێگیری نییە، چونکە جگەلەوەی کورد پێگەی ئەوەی نییە ئەمە مەیسەر بکات و لە مەیداندا جێبەجێی بکات ، ئەوا دەوڵەتی سەردەستیش هەرگیز بڕوای بەو دروشمە نییە و ئامادەش نییە بیسەلمێنێت. پشت بەست بەم تێزە تەنانەت لە ڕووی ڕیتۆرکیشەوە جێ ناگرێت و ناتوانێت کاریگەر بێت. بۆ نموونە لە سەروەختی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا لە تورکیا دەسپێکردنی پرۆسەی ئاشتی بۆتە ڕۆژەڤ و میدیای ناوخۆیی و جیهانی سەرقاڵ کردووە، ئەگەرچی دوای بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتی لە لایەن ئۆج ئالانەوە لە زیندانی ئیمڕاڵی و پابەندبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان بە پەیامی ئاشتیی و ڕاگەیاندنی ئاگربەستی تاکلایەنە، بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی CPT ئەمریکی لە ماوەی ٧ ڕۆژی ئاگربەستدا دەوڵەتی تورک ١٤ هێرش و بۆردوومانی بۆ سەر باشوری کوردستان ئەنجام داوە و بۆردوومانەکانیشی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامە(وێستگە: ٢٠٢٥). هاوکات پێنج نوسەری دەستگیرکردووە بە تاوانی نوسینی کتێبێک بەناوی (هینکەر) کە تایبەتە بە فێربوونی زمانی کوردی(ڕوداو: ٢٠٢٥). ئەم ڕەفتارانە وا دەکات کە هەموو کات بەچاوی گومانەوە لەو دەستپێشخەرییانە بڕوانین کە نەتەوەی سەردەست دەیخاتەڕوو بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی!.

وێڕای بوونی دیدگەی شۆڕشخوازانە، هۆمی بابا (١٩٤٩- ) وەک یەکێک لە گرنگترین تیۆروانەکانی پاش کۆلۆنیالیزم، تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ بەرخۆدانی کولتووری. بابا چەمکی بەرخۆدانی کولتووری لە چوارچێوەی دوو چەمکی سەرەکیدا دەخاتەڕوو: هایبریدیتی (Hybridity) و میمیکری (Mimicry). میمیکری لای بابا ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە تێیدا خەڵکی ژێردەست لاسایی کولتووری داگیرکەر دەکەنەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە هەمیشە جیاوازییەک دەمێنێتەوە. ئەم جیاوازییە دەبێتە سەرچاوەی گاڵتەجاڕی و ڕەخنە لە دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی. بابا پێی وایە کە لاسایکردنەوە (میمیکری) خۆی لە خۆیدا شێوازێکی کاریگەری بەرخۆدانە، چونکە سیستەمی کۆلۆنیاڵی لە ناوەوە لاواز دەکات. لە ڕوانگەی باباوە، بەرخۆدانی کولتووری پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە لە ناوچەی نێوان کولتووری داگیرکەر و داگیرکراودا ڕوودەدات. ئەو پێی وایە کە ئەم ناوچەیە، کە ناوی دەنێت فەزای سێیەم (Third Space) ، شوێنێکە بۆ دروستبوونی شوناسی نوێ و شێوازە نوێیەکانی بەرخۆدان. لەم فەزایەدا، کولتووری ژێردەست دەتوانێت بە شێوازێکی داهێنەرانە بەرەنگاری کولتووری زاڵ ببێتەوە. تیۆری بەرخۆدانی کولتووری لای هۆمی بابا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرخۆدان پرۆسەیەکی بەردەوام و داهێنەرانەیە. ئەو پێمان دەڵێت کە لە ڕێگەی تێکەڵکردنی کولتوورەکان و بەکارهێنانی ستراتیژی وەک میمیکری، گرووپە ژێردەستەکان دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر بەرەنگاری هەژموونی کولتووری ببنەوە و شوناسی خۆیان بپارێزن و پەرە پێ بدەن. تێگەیشتنی بابا بۆ شوێنی کولتووری Cultural Location گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە تیۆرەکەیدا. ئەو پێی وایە کە شوێنی کولتووری تەنها شوێنێکی فیزیکی نییە، بەڵکو فەزایەکی سیمبولی و مەعنەوییە کە تێیدا شوناس و مانا کولتوورییەکان دروست دەبن. لەم

فەزایەدا، گرووپە ژێردەستەکان دەتوانن لە ڕێگەی داهێنان و بەرهەمهێنانی مانا نوێیەکانەوە بەرەنگاری هەژموونی کولتووری ببنەوە. شوێنی کولتووری میکانیزمەکانی بەرخۆدان بەهێز دەکەن. میکانیزمەکانی بەرخۆدان و بەرگری دەشێت چەند جۆرێک بن، ئەوەی تا ئێستا ئێمەی کورد لەبەرامبەر کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیدا بەکارمانهێناوە. یەکەم بریتییە لە میکانیزمی نکۆڵیکردن، هەوڵدان بۆ بڕوا نەکردن بەو شکستانەی کە ئێمە بەسەرماندا هاتووە، بەوەی کە نکۆڵی دەکەین لە توانەوەمان لە نێو کولتووری داگیرکەردا، جا توانەوەی جەستەیی، زمانی یان هەر جۆرێکی دیکەی توانەوە بێت. بۆ نموونە بڕوانەکردنی دایکی شەهیدێک لە کاتی گەڕانەوەی تەرمی کوڕەکەی، کە ناگری و شیوەن ناکات بۆ نیشاندانی ئەوەی کە کوڕەکەی نەمردووە، یان لە کاتی کارەساتە گەورەکاندا وتنی سرود، گۆرانی و زۆرجار هەڵپەرکێ بۆ گوزارشتکردن لەوەی کە ئەو کارەساتە ناتوانێت لەناومان بەرێت. دووەم میکانیزمی قەرەبووکردنەوە، تێکۆشان بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانانەی بەسەرماندا هاتووە وەک داگیرکراو و کۆلۆنییەک لەسەر ئاستە جیا جیاکان، ئەم قەرەبووکردنەوەیە فۆڕمێکی نەرمی نیشانداوە لە ڕێگەی ئەدەبیات، زمان و هونەرەوە واتە بەرەنگاری نەرم لەڕێگەی میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی شکستەکان، بۆ نموونە شعر ، سورد و گۆرانییە نیشتیمانییەکان. سێیەم میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی ڕادیکاڵ کە بریتییە لە بڕوابوون بە کردەی شۆڕشگێڕانەی توندوتیژ، ئەم میکانیزمە تا ئاستی فاشیست بوون هەنگاو دەنێ بۆ پارێزگاری لە شوناس و قەرەبووکردنەوەی شکست لەسەر بنەمای نەژاد. چوارەم میکانیزمی ملکەچی و تەسلیمبوون بە کولتووری زاڵ و توانەوە لە نێو ئەو کولتوورەدا بۆ درێژەدان بە مانەوەی خۆی، لەسەر بنەمای وەک ئەویتربوون. هەموو ئەم میکانیزمە بەرگرییانە، دەشێت ببن بە بەرخۆدان ئەگەر لە چوارچێوەی کولتووردا بمێنەوە، پاشان ئەو پرۆسەیە دروستبکەن کە پێی دەڵێن سەرکەوتن و بەرزبوونەوە (Sublimation) بۆ ئاستی ئەویدیکە، نەک کەمتر لە ئەیدیکە.

**بەرخۆدان لە ئاستی زمان**

ستراتیژی توانەوە(ئەسیمیلەیشن) تەنیا لە ڕێگەی سەربازی و توندوتیژییەوە جێبەجێناکرێت، بەڵکو سیاسەتێکی کۆڕەهەندە کە داگیرکەر دەیانگرێتەبەر. لەوانە ڕێگرتن لە زمان (زمانی کوردی) و ڕێگەنەدان بە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک و سڕینەوەی مێژووی نەتەوەیی و هەروەها بێ ناسنامە و بێ ڕیشەکردنی زمان، تاپۆکردنی مێژووی کولتووری نەتەوەکەمان بە ناوی خۆیانەوە(ڕەحیم نژاد، ٢٠٢٠: ٣١٨). کولتووری کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ڕێگەی بەرخۆدان و خۆڕاگرییەوە پارێزراوە. لە ماوەی مێژووی درێژی گەلی کورد، سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی سڕینەوە و پەراوێزخستن، توانیویەتی ناسنامە و تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی خۆی بپارێزێت. ئەم خۆڕاگرییە لە زۆر ڕووەوە دەردەکەوێت، بەتایبەت لە پاراستنی زمان، فۆلکلۆر، داب و نەریت و هونەری کوردی.

زمان کە وەک ناسنامەی سەرەکی و ئامرازی گواستنەوەی کولتوور ڕۆڵی هەیە. ئەگەر لە چوارچێوەی کولتووردا تەماشای زمان بکەین ئەوا تەنیا ئامێرێکی پەیوەندییە. بەڵام ئەگەر وەک شوناس و ناسنامەی سیاسی تەماشای بکەین ئەوا زمان تەنها ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو هەڵگری بیرکردنەوە، جیهانبینی و مێژووی کۆمەڵگەیە. هۆمی بابا پێی وایە کە زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ پەیوەندی، بەڵکو مەیدانێکە بۆ خەباتی کولتووری. لە ڕێگەی بەکارهێنانی داهێنەرانەی زمان، گرووپە ژێردەستەکان دەتوانن مانا نوێیەکان بەرهەم بهێنن و دژی هەژموونی کولتووری زاڵ بوەستنەوە (هومی بابا، ٢٠٠٤: ٦٥). زمانی کوردی، وەک یەکێک لە گرنگترین توخمە شوناسییەکانی کولتووری کوردی، بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بووە. لە زۆر

وڵات و سەردەمدا قەدەغەکراوە و ڕێگری لە خوێندن و نووسینی کراوە. لە دوای پەیماننامەی لۆزانەوە کە خەونی سەربەخۆیی کورد بۆ هەمیشە لەباربرا، ناوهێنانی وشەی کورد و کوردستان لە ڕێگەی زمانەوە تابۆیەکی هەمیشەی خرایە سەر، هەم لەلایەن ئەو وڵاتانەی لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(کۆمەڵەی گەلان)دا بوون هەم لە لایەن دەوڵەت- نەتەوەکانی تازە دامەزراوەوە، ناوی کورد و کوردستان لە ڕێگەی زمانەوە بووە ناوێکی قەدەغەکراو. ئەمەش بە مەبەستی فرێدانی کورد بۆ دەرەوەی مێژوو لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانەکەیەوە، لەڕێگەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی یاخود ناوچەییەوە. هەریەکە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا ئاخاوتن، نوسین و مۆسیقایان بە کوردی کردە کردەیەکی حەرامکراو. بەڵام کورد توانیویەتی لە ڕێگەی میکانیزمی گێڕانەوەی چیرۆک، گۆرانی و شیعری زارەکییەوە زمانەکەی بپارێزێت و بیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. پرسی لەناوبردن و توانەوەی زمان وەک بنەمایەکی ڕیشەداری کولتووری هەر گەلێک، چەندە پرسێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە بە هەمان ئەندازە پرسێکی نەتەوەییە، پرسێکە پەیوەندی قوڵی لەگەڵ چەمکی سەربەخۆییدا هەیە. کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو مەترسی خۆی لەم پەیوەندییە نیشانداوە و کاری بۆ پچڕاندنی ئەم پەیوەندییە کردووە، فۆڕمی قەدەغەکردن، سڕینەوە، جینۆساید، توانەوە، تەتریک، تەفریس، تەعریب و ڕاگواستن کە هەموو ئەمانە لەئەنجامدا لەسەر توانەوەی زمان کاریگەریان دەبێت. دەبینین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی قەدەغەکردنی خوێندن بە کوردی بەزمانی دایک، هەموان بە فارسی دەئاخڤن و زمانی ڕەسمی زمانی فارسییە، ئەم پاکتاوکردنە مێژووی هەیە و تا ئێستاش بەردەوامە. ساڵانە مامۆستا و چالاکوانی بواری زمانی کوردی لە زیندانەکان دەپەستێورێن، ئەمە جگە لەوەی زمانی کوردی بە زمانی خێڵەکی و چینەکانی خوارەوە چاو لێ دەکریت و بۆ ئەوەی وەک کەسێکی مۆدێرن و شارستانی دەربکەویت پێویستت بەوەیە بە فارسی قسان بکەیت تا لە چینەکانی سەرەوە هەژمار بکرێت، ئەمەش یەکێکە لە سیاسەتەکانی توانەوەی کولتووری و پەراوێزخستن لەو بەشەی کوردستان.

لە تورکیاش ئەم سیاسەتە لە توندترین شێوازی خۆیدا پەیڕەو دەکرێت، لەو بەشەی کوردستان سەرەڕای شوێنە فەرمییەکان ئەوا لە شوێنی نافەرمی تەنانەت لە نێو ماڵەکانیشدا ئاخاوتن بە کوردی تابۆیە و بەکارهێنانی قەدەغەیە و زیندانی و ونکردن بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵکو ناوهێنانی وشەی (کورد)یش ڕێگە پێدروا نییە. دروشمی (یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک ئاڵا) بە ئاشکرا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لە دەرەوەی ئاڵای تورکیا و زمانی تورکی و نەتەوەی تورک هیچ شتێکی تر نابێت بوونی هەبێت، لێرەوە لەو پارچەیەی کوردسان بوونی کورد بەئاسایش کراوە، کە هەمووکات زمان و کولتوورەکەی بەستراوەتەوە بە بوونی مەترسییەوە کە ئەوان وەک "تیرۆر" مامەڵەی دەکەن.

بەرخۆدانی کولتووری کوردی لە بەرامبەر هەژموونی کولتووری مۆدێرن و زاڵدا دەکرێت لە چەند ڕێگەیەکەوە بەهێز بکرێت. سەرەتا، پێویستە تێگەیشتنێکی قووڵ هەبێت کە مۆدێرنیتە و پاراستنی کولتووری ڕەسەن دژ بە یەک نین، بەڵکو دەکرێت هاوتەریب بن. کولتووری کوردی دەتوانێت خۆی لەگەڵ سەردەم بگونجێنێت بەبێ ئەوەی ناسنامە و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی لەدەست بدات. مۆدێرنیزەیشن لە زۆر ئاستدا دەکرێت وەک خاڵی بەهێز بۆ بەسیاسیکردنەوەی ناسنامەی کوردی کەڵکی لێوەربگیرێت. بۆ نموونە لە قۆناغێکدا کە هێواش هێواش سەتەلایت وەک یەکەم ئەزموونی تەکنەلۆژی مۆدێرن لە ئاستی جیهانیدا خرایەڕوو کورد توانی بەرهەمهێنانی تیادا بکات بۆ نیشاندانی دۆزی کورد بە جیهان، کە بێ گومان سەتلایت یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی مۆدێرن بوو لە سەردەمی نوێدا. بە دیوێکدا ئەگەر بە مۆدێرنکردن یان پرۆسەی بە شارستانیکردن

هۆکارێک بوو بێت بۆ توانەوەی کولتووی و ئەسیمیلەشن بەوەی کە کورد پێویستە لە "تورکی شاخاوی و خەڵکانێکی بێ کولتوور" ەوە وەک فارس، تورک و عەرەب وێنایان دەکرد توشی توانەوە و پەراوێزخستن بووبێت لە ئاستی نەتەوەیی و کولتووریدا، کە بێگومان مۆدێرنەبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەی تورکیا، عێراق، سوریا و ئێران ڕۆڵی هەبوو لە هەژموونی کولتووری نەتەوە سەردەستەکان بە سەر نەتەوەی بندەستی کوردا، لە ڕێگەی بە کەمینەکردن و بە ئاسایشکردنی(کرمانج،٢٠٢٢) دۆزی کورد. بەڵام لە لایەکی دیکەوە دەشێت مۆدێرنیزەیشن یارمەتیدەرێکی باشیش بووبێت بۆ گەشەدان بە زمان و کولتووری کوردی لە ڕێگەی ئەو کەناڵە ئاسمانییانەی لە دوای ساڵی ١٩٩٤ لە ئەوروپا و پاشان لە باشوری کوردسان دامەزران کە ڕۆڵیان هەبوو لە ناساندن و بڵاوکرانەوەی زمان، هونەر و موزیک و نەریتی کوردی بە دنیای دەرەوە لە ئاستی جیهاندا.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ڕەگەزەکانی بەرخۆدانی کولتووری وەک جل و بەرگی کوردی، موزیک و گۆرانی، هەڵپەرکێ و سەما، خواردن و خواردنەوە، هونەرە دەستییەکان، هەموویان بەشێکن لە کولتوورێکی دەوڵەمەند کە بەردەوام لە گەشەکردن و نوێبوونەوەدایە. ئەم بەردەوامییە نیشانەی هێزی کولتووری کوردییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکان و پاراستنی ڕەسەنایەتی خۆی. دەشێت بڵێین هەر وەختێک کورد لە ژێر فشاری زۆری توانەوەی کولتووریدا بوبێت زیاتر تەقەلای مانەوە و بەرخۆدانی کردووە. وەک ڕۆمانۆ ئاماژەی پێدەدات" کوردەکان ناچارکراون لە ئێران، عێراق و بە تایبەت لە تورکیا تا لە نێو کولتووری ئەو سێ وڵاتەدا ئەسیمیلە ببن، بەجۆرێک ئیدی وەک کورد بەدوای بەرژەوەندی خۆیان و بەدیهێنانی مافەکانیاندا نەگەڕێن... بۆیە بژاردەی ئەسیمیلەیشن بابەتی سەرەکی لێکدانەوەی سروشتی ناسیۆنالیزم و سەرهەڵدانی دووبارەی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی کوردە"(ڕۆمانیۆ، ٢٠٢٠: ٢١). ناچارکردن و فشار بۆهێنانی زۆر هۆکار بووە بۆ ئەوەی کورد بیر لە بژاردە و تەقەلای دیکە بکاتەوە بەئاراستەی بردنە پێشەوەی دۆزە ڕەواکەی لە سەر ئاستی نەتەوەیی و کولتووری بە تایبەت لە ڕێگەی بەرگری و پەرەپێدانی زمانەوە. کە کۆڵەکەی هەرە بنەماییە بۆ زیندوێتی و مانەوە. گەشەی زمانیش بە پلەی باڵا لەڕێگەی نوسین و گێڕانەوەوە خۆی بەرجەستە دەکات و گەشەدەکات. بەڵام وەختێک ئەم بەرخۆدانە مانادار دەبێت کە تەنها بۆ سەلماندن و نیشاندانی ئەوە نەبێت کە زمانەکەی نەمردووە، بەقەدەر ئەوەی بۆ نیشاندانی ئەوە بێت کە بەزمانەکەی خۆی پێناسە لە خۆی نیشان بدات. پاشان سەروەرێتی خۆی لە ڕێگەی زمانەوە وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی شوناسی سیاسی دەستەبەر بکات.

**گێڕانەوە وەک شێوازی بەرخۆدانی کارا**

چەمکی گێڕانەوە لە پرۆسەی بەرخۆدانی کولتووریدا ڕۆڵێکی بنچینەیی و گرنگ دەبینێت. ئەم چەمکە وەک ئامرازێکی هۆشیارانە و سیاسی کار دەکات بۆ بەرپەرچدانەوەی گوتاری زاڵ و سەردەست. گێڕانەوە لە ئاستی کولتووریدا دەبێتە ستراتیژێکی گرنگ بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی دووبارە گێڕانەوەی مێژوو. کۆمەڵگە ژێردەستەکان هەوڵدەدەن دیدگای خۆیان بخەنە ڕوو و ڕەوایەتی بە تێگەیشتنی خۆیان بدەن. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، گێڕانەوە دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی بەرخۆدان. کاتێک کۆمەڵگەیەک گێڕانەوەی خۆی دروست دەکات، لەڕاستییدا هەوڵی سڕینەوەی گوتاری داگیرکەر دەدات و دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە. گرنگترین ئاماژەکانی گێڕانەوە لە بەرخۆدانی کولتوورییدا بریتیین لە: دووبارە دروستکردنەوەی مێژوو، پیشاندانی ڕاستییە بێدەنگ کراوەکان، بەرگری لە کولتوور و زمانی نەتەوەیی و بەرپەرچدانەوەی گوتارە زاڵەکان. هەروەک فوکۆ لە کتێبی "گوتار و دەسەڵات"دا باس دەکات کە گێڕانەوە ئامرازێکی سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانی

زانست و دەسەڵات (فوکو،٢٠٠٧: ٤). هەروەها هۆمی بابا لە کتێبی "شوێنی فەرهەنگی" پێیوایە گێرانەوە بریتییە لە بەرهەمهێنانی ناسنامە و بەرخۆدان(بابا ، ٢٠٠٤: ١٠٠) بەهەمان شێوە گایاتری سپیڤاک، لە کتێبە ناسراوەکانیدا، بەتایبەت لە گوتاری "ژێردەستەکان دەتوانن قسە بکەن؟"(Spivak, 1988) جەخت دەکاتەوە کە گێرانەوە ئامرازێکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی دەنگی بندەستان و بەرپەرچدانەوەی گوتاری زاڵ. لە ڕوانگەی سپیڤاکەوە، گێرانەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەرهەمهێنانی شوناسی کولتووری و بەرخۆدانی نەرمە. هەروەها "ئاماژە بەوە دەکات کە گروپە ژێردەستەکان دەبێت گێرانەوەی خۆیان بنووسنەوە و ڕەوایەتی بدەن بە تێگەیشتنی خۆیان. ئەو پێیوایە گێرانەوەی خۆماڵی دەتوانێت هەڵاوردنی مێژوویی بسڕێتەوە (Spivak, 1999). بەم واتایە میکانیزمەکانی گێرانەوە بریتیین لە گۆڕینی پەیوەندی هێز، دروستکردنی گوتاری جێگرەوە، پیشاندانی ڕاستییە بێدەنگکراوەکان، بەرگری لە زمان و کەلتووری نەتەوەیی.

لە بنەمادا، گێرانەوە شێوازێکی بەهێزی بەرخۆدانی نەرمە کە دەتوانێت بە هۆشیاری و وریایی کولتووری، دەسەڵاتی داگیرکەر بخاتە ژێر پرسیار و بەرگری لە مافە ڕەواکان بکات. گێرانەوە لە سەر دوو ئاستی سەرەکی دەوەستێت ئاستێکیان گێرانەوەی مێژوویی یاخود ئافراندنی مێژوو کە پێی دەڵێن Naraition کە وەک سەردار عەزیز ئاماژەی بۆ دەکات واتە چۆنیەتی گێرانەوە، نەرمیتڤ بۆ وانەپێدان، ڕێنیشاندان، ڕەوایی پێدان، پەروەردەی ئاگایی و ئەخلاقی، بەخشینی هۆشیاری سەبارەت هەبوونمان بەکاردێت (عەزیز: ٢٠٢٢). لەم ئاستەدا گێرانەوە بریتییە لەو پارادایمەی لە نێو هۆشیاریماندا سازی دەدەین، هۆشیارییەک شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژووییەکان لێ پێکدێت، لە یاداوەریماندا دەیچەسپێنین و لەسەرخۆ ئایندەی لەسەر بونیاد دەنێین. کە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا سودبەخشە. چونکە گێرانەوە هێزی دەسەڵاتە وەک فوکو ئاماژەی بۆ دەکات. بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی بندەست و کۆڵۆنیکراو ببێتە خاوەنی ئەو هێزە و بەرخۆدان بکات، پێویستە پرۆسەی گێرانەوە لەم فۆرمەدا مەیسەر بکات. ئەگەر نەتەوەی سەردەست پێویستی بە گێرانەوە بێت بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بدات بە هێزی خۆی، ئەوا نەتەوەی بندەست پێویستی بە گێرانەوەیە تا ڕەوایەتی بە بوون و بەرخۆدانی خۆی و هەوڵدان بۆ سەرتریتی بدات.

لە ئاستی دووەمی گێرانەوەدا، بەرهەمە کولتوورییەکان کە هونەر، ئەدەبیات، موزیک، سینەما و شێوەکانی دیکەی دەربڕینی کولتووری دەگرێتەوە. ئەمانە وەک بەڵگەی بەردەوامی و زیندوویی کولتوور کار دەکەن و ڕێگە بە نوێبوونەوە و گەشەکردنی شوناس دەدەن. ئەدەبیاتی کوردی، بە هەموو لقەکانییەوە، بەردەوام وەک ئامرازێکی گرنگی بەرخۆدانی کولتووری بەکارهاتووە. شاعیران و نووسەرانی کورد لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە نەک تەنیا میراتی کولتووریان پاراستووە، بەڵکو بەردەوام نوێیان کردۆتەوە و پەرەیان پێداوە. چەمکی "گێڕانەوەی کولتووری" ئاماژ بەوە دەکات، هەر کولتوورێک خاوەنی چیرۆک و گێرانەوەی تایبەت بە خۆیەتی. بەرخۆدانی کولتووری دەتوانێت لە ڕێگەی دووبارە گێرانەوەی ئەم چیرۆکانە و خوڵقاندنی گێرانەوەی نوێوە ئەنجام بدرێت، کە تێیدا دەنگی گرووپە ژێردەستەکان دەبیسترێت و مێژووی خۆیان دەگێرنەوە(بابا، ١٩٩٤). گێرانەوە ڕەگەزێکی گرنگی ژیانەوەیە، مرۆڤ بۆ ئەوەی زیندوو بێت پێویستە بگێرێتەوە، چیرۆکە خەمناک و بەئازارەکانی کورد لە ڕێگەی گێرانەوەوە مانا بە خۆیان دەدەن. بۆ ئەوەی کولتوورێک لە توانەوە بپارێزرێت پێویستە لە ڕێگەی گێرانەوەی لە شێوازی چیرۆک خۆی دابڕێژێتەوە، هەموو ئەو دانایە بگوازێتەوە کەوەک جیهانبینی لەبیرکراو هەوڵی فرێدانیان بۆ دەرەوەی مێژوو داوە. پاراستنی شوناسی مرۆڤبوون لەڕێگەی بەهێزبوونی یاداوەری و گێرانەوەی چیرۆکەکانەوە بەدیدێت، کوردبوون وەک شوناسی مرۆڤگەلێک کە خاکەکەیان پارچە پارچەکراوە لە ناو واقعێکی مەجازیدا دەتواندرێت بۆ واقعێکی

ڕاستەقینە بگوازرێتەوە. لە پەیوەندیدا بەم تێگەیشتنەوە دیڤید ڕۆمانێو دەنوسێت: ئەحمەدی خانی تێکۆشاوە تا شکۆ بە زمانی کوردی ببەخشێ وەک ئەستوونی دەوڵەتی کوردی، ئەحمەدی خانی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی سیاسی کە بریتییە لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی و بەڕێوەبردنی ئەرکی ئەدەبی، کە بریتییە لە نوسین و داڕشتنی بناغەی زمان و کولتوور، وەک دوو باڵی یەک باڵندە دەبینێ(ڕۆمانۆ، ٢٠٢٠: ٢٢٣).

پرۆسەی داهێنان و داهێنان لە کولتووری گێڕانەوەدا وەک ئەوەی لەلای جولەکە لە شاکار و سینەمایاندا دەتوانین ببینین، لۆبییەکی گەورەیە وەک نوێنەرایەتی کولتووری لە ئاستی جیهاندا. ئەوان، تەنیا تاقە چیرۆکی کەسێک یان ڕوداوێکی بچوک، داهێنان و بەرهەمهێنانی تیادا دەکەن و لە ڕێگەی تێکەڵکردن بە ڕەگەزە ئەدەبییەکان و فەنتازیا توانستی مانەوە بەردەوامی لە نێو مێژووی جیهاندا بەخۆیان دەدەن. ئەمە ئەو مۆدێلەیە کە ئێمە وەک مرۆڤێکی کۆڵۆنیکراو لە فۆرمە نوێکەی کۆڵۆنیالیزمدا پێویستە چاوی لێببرین و کاری بۆ بکەین. لە ئێران لە ڕێگەی سینەماوە وێنەیەکی ناشیرین و زشت لە کورد نیشان دەدەن، دەیان فیلمی سینەماییان بەرهەمهێناوە بۆ لێدان لەو ڕوخسارە کولتوورییەی کە ناسنامەی کوردە، وێناندنی کورد وەک دڵپاک، ساویلکە، خۆشباوەڕ، میوان دۆست، عاشق و شیفتەی دوژمنەکەی، لادێی و یاخی و دەیان وێنەی ناواقعی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هونەری گێڕانەوە بەتایبەتی سینەما ڕۆڵی زۆرە لە ئەسیمیلەکردن و توانەوەی شوناسی کورد، بۆیە بە بڕوابوون بە تێزێک کە بریتییە لەوەی بەو چەکەی کە لە توانەوەی کولتووریماندا بەکاردێت بە هەمان چەک و کەرەستە دەشێت بەرخۆدانی کولتووری سەرڕێ بخەین. ئەگەرچی ئەم تیزە جێگەی ڕەخنەیە، بەڵام لە زۆر ئاستدا دەکرێت لە پێناو وەک ئەویدیکەبوون نە کەمتر لەویدەکەی سەردەست، وەک تێزێکی شایان بە جێبەجێکردن چاوی لێ بکەین.

یەکێک لەو گرفتانەی کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەشێت ڕەخنەی بکەین، دیاردەی (خۆبەکەمزانی) و ڕەتدانەوەی پێناسەی نەتەوەی سەردەستە لە خۆمان. وەک هێربێت مید باسی دەکات بریتییە لە هەستکردن بە (خود شکستی) واتە لەبەر ئەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو هەوڵەکانی بێئاکام بووە بۆیە دەکرێت توشی خود شکستی هاتبێت، هەموو بەرخۆدانێکی لەم جۆرە بریتیی دەبێت لە پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی شکست و هەوڵە بێ ئاکامەکان لەبەرامبەر ئەویدیکەدا. بۆ نموونە : **نەعەرەبم نە ئێرانی/نەتورکێکی شاخستانی/ نەک من هەرخۆم مێژووش دەڵێ /کە کوردم و کوردستانیم**. لێرەدا وێڕای ئەوەی هەوڵێک هەیە بۆ خودناسی، بەڵام زۆرتر هەڵدانە بۆ ڕەتدانەوەی ئەو پێناسەیەی کە نەتەوەی سەردەست و کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی لە کوردیان کردووە. سەلماندنی ئەوەی کە کورد عەرەب نییە، کورد ئێرانی نییە، کورد تورکی شاخستانی نییە. پاشان کردنی مێژوو بە شاهیدی ئەوەی کە ئێمە کوردین، مێژوویەک کە ڕۆژهەڵاتناسی بە تەواوەتی شێواندوویەتی و گەلی سەردەست بۆ ئێمەی بندەستی نوسیوەتەوە. دووبارە گێڕانەوەی ئەو مێژووە و ڕاستکردنەوەی تەنیا ڕێگەی ساخکردنەوەی ئەو مێژووە شێواوەیە. یان **کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە**. دیسانەوە هەوڵدانە بۆ ئەوەی ڕەدی ئەوە بدەینەوە کە کورد نەمردووە، چونکە دوژمن و نەتەوەی سەردەست هەموو کات گوتویانە کورد مردووە، یان پێناسەی ئەوان بریتیی بووە لەوەی کە نەتەوەیەک نییە بە ناوی کورد. لێرەشدا پێناسەیەک لە کورد خۆی بەدی ناکەین لە کاتێکدا ئەمەی دووەمیان سرودی نیشتیمانی نەتەوەی کوردە. چەندین نموونەی دیکە لە ئەدەبیات و مێژووماندا هەیە کە خەریکین بۆ ئەویدیکە بسەلمێنین کە ئێمە ئەوە نین کە ئێوە وێناتان بۆ کردوین، ئەمەش گیانی هێرشبردن و سەردەستەبوونی گۆڕیوین بۆ بەرگری و بندەستی. ئەم تێگەیشتنە وەختێک بە

ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی دەگات کە ئێمە پێناسەیەکی ڕاستەقینە و بێ پرنگانەوە لە خۆمان نیشان بدەین، دیسانەوە لە پیناو سەرتریتی و لە ئاست ئەویدیکەدا بوون نە کەمتر لە ئەوان.

**ئەنجامگیری**

سەد ساڵی ڕابردوو پرۆسەی پەروایزخستن و توانەوەی کولتووری لە هەر چوار پارچەی کوردستان کە دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەت – نەتەوەی مۆدێرندا، بە ئاشکراو لە ڕێگەی بە دامەزراوەیکردن و بە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو لەسەر کولتووری کوردی ئەنجام دراوە. ئەم پرۆسەیە تەنیا لە ئاستی کولتووردا نەماوەتەوە بەڵکو گوازراوەتەوە بۆ ئاستی لەناوبردنی فیزیکی بۆ جینۆساید و قڕکردنی ڕیشەیی. توانەوە لە ڕێگەی هەژموون و سەپاندنی جیهانبینی پاش کۆلۆنیاڵییەوە کە بە کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ناسراوە، ئەنجام دراوە و تا هەنووکە بەردەوامی هەیە. لەم توێژینەوەیەدا وێرای دەرخستنی ئەم دیاردە سیاسی و کولتوورییە نیشاندانی تەواوی میکانیزمەکانی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە، ئەوا میکانیزمەکانی بەرخۆدان خراوەتە ڕوو کە کورد وەک نەتەوەیەکی بندەست لە ئاستی هەرچوار دەوڵەتەکەدا ئەنجامیدا و تا ئێستاش ئەنجامی دەدات. هەڵبەت لە سەر دوو ئاستی گرنگی کولتووری کە ئێمە بە (بەرخۆدانی کولتووری) ناودێرمان کردووە، ئەوانیش بریتین لە ئاستی زمان و ئاستی گێڕانەوە. بەرخۆدان لە ئاستی زمان سەرتر لەوەی کە تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی بێت لە پێناو مانەوەدا، بەڵکو نیشاندانی بەکارهێنانی زمان وەک کردەیەکی سیاسی و کولتووری لەپێناو ئامانجێکی گەورەتر ئەویش سەرترێتی و هەڵکشان بۆ ئاستی ئەویدیکەی سەردەست. هەروەها بەرخۆدان لە ئاستی گێڕانەوەش بەدەر لەهەر هەوڵێک بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی مێژوو و لقەکانی ئەدەبیات و هونەر، بەڵکو دووبارە نوسینەوە و گێڕانەوەی مێژوو و داستانەکانی کورد لەڕێگەی هزرینی کوردی و بیرکردنەوەی کوردییەوە. دیسانیش نە تەنیا بۆ مانەوە و قەرەبووکردنەوەیەکی نەرم و ڕەد دانەوە، بەڵکو لەپێناو پێدانی شوناسێکی سیاسی و دووبارە پێناسەکردنەوە لەخۆ و گەیشتن بە سەرترێتی لە بندەستییەوە بۆ وەکیەکی لە ئاستی ئەویدیکەدا. بە گشتی لەم دوو ئاستەدا تەواوی میکانیزمە بەرگرییەکانی بەرخۆدانی کولتووری لە لایەن خەڵکی کوردستان لە هەرچوار پارچەی کوردستان بە ئاستی جیاواز بەدی دەکەین، واتە میکانیزی نکۆڵیکردن لە ڕێگەی بەگەڕخستنی زمان لە ئەدەبیاتدا ڕەنگدانەوەی بووە، میکانیزمی قەرەبووکردنەوە لە ڕێگەی زمان، هونەر، جلوبەرگ و بەرگری میللیەوە، هەروەها میکانیزمی قەرەبووی ڕادیکاڵ وەک خەباتی مەدەنی و خەباتی چەکداریش دیسان لە ئاستی زمان و گێڕانەوەوە فەراهەم بووە، کە ڕاگەیاندن و کەناڵە جۆراوجۆرەکانی میدیا ڕۆڵی سەرەکیان لەم بەرخۆدانەدا بووە.

**ڕاسپاردەکان**

١. گرنتەبەری میکانیزمە بەهێزەکانی بەرخۆدانی کولتووری، بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکان و پاراستنی شوناسی سیاسی لە لایەن گروپ و سەندیکاکانی تایبەت بە پرسەی کولتوورییەکان.

٢. پارستن و بەهێزکردنی زمانی کوردی وەک بنچینەی شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگەی دام و دەزگا ئەکادیمی و زانستییەکان و پرۆسەی پەروەردەوە.

٣. پێداچوونەوە بە تەواوی ئەو مێژووە کە ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونوسانی نەتەوەی سەردەست بۆ کوردیان نوسیوەتەوە، دووبارە نوسینەوەی لەسەر بنەما ڕاستییەکان و سەرچاوە باوەڕپێکراوە زانستییەکانەوە.

٤. پێناسەکردنی نەتەوەی کورد لە خۆی لە دەرەوەی هەر پێناسەیەکی نەتەوەی سەردەست، هەوڵدان بۆ بەرخۆدانی کولتووری لە پێناو وەک ئەوەی دیکەبوون نەک کەمتر لە ئەوان.

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوەی کوردی**


١. ئەردەڵان، سارۆ (٢٠١٩). کۆلۆنیالیزمی وەخۆگر، ئێران چۆن توانیویەتی لە کوردستان هێژموونی کولتووری ساز بکات؟، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٢.

٢. رحیم نژاد، ماردین(٢٠٢٠). خوێندنەوەی سیستمی پەروەردەی هێزی داگیرکەر لە کوردستان، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٥.

٣. رۆمانیۆ، دیڤید (٢٠٢٠). بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد، دەرفەت، ڕێکخستن، ناسنامە، وەرگێرانی: هۆمەر فەیزی، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٤. سادق مەلازادە، ئیبراهیم (٢٠٢٢). سەدساڵ نکۆڵیکردن وەک فۆرمێکی جینۆساید، خەسڵەتەکانی کۆلۆنیالیزم، کتێبی سەدساڵ دوای سیڤەر، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٥. کرمانج، شێرکۆ ( ٢٠٢٢). بێدەوڵەتی، بەکەمینەکردنی کورد و بەئاسایشکرانی پرسی کورد، کتێبی سەدساڵ دوای سیڤەر، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

٦. عەزیز، سەردار (٢٠٢٢). نەریتڤ و موشەکەکان، سایتی ڕوداو.https://www.rudaw.net .

٧. محمدپور، ئەحمەد و سلێمانی، کەمال(٢٠٢١). بە کەمینەکردنی ئەوانی دیکە: ستراتیژییە یەکدەستکردنەکانی دەوڵەتی ئیتنۆتیۆکراتیکی ئێران، وەرگێرانی: ڕێبوار ڕۆژهەلات، گۆڤاری تیشک، ژمارە ٥٩-٦٠.

٨. سایتی وێستگە، وێستگە کلاس (٢٠٢٥). hts:// Westganewes.net.


**سەرچاوەی عەرەبی**


١. المكاوى، على محمد (٢٠١١). المسألة القيمية والمستقبل الدين والمعرفة وألايديولوجيا والمسؤوليات المشتركة، وزارة ألاوقاف والشؤون الدينية مسقط مجلة التفاهم العدد 34 .

٢. بنعبد ، عبد السالم (١٩٨٧). التراث والهوية دراسات في الفكر الفلسفي باملغرب، دار توبقال للنشر المغرب، ط1 .

٣. هومي بابا، موقع الثقافة، ترجمة: ثائر ديب، المعهد القومي للترجمة، القاهرة، مصر، الطبعة ألاولى.

٤. اليازير (٢٠٢٠). الهيمنة لروايه" اخرج يا ملعون" الدراسة تحليلية، بغداد.

٥. ميشيل فوكو (٢٠٠٧).نظام الخطاب، ترجمة: محمد سبيلا، الطبعة الثانية، دار التنوير للطباعة والنشر: القاهرة.

**سەرچاوەی فارسی**

١. تهرانی ، حبیب راثی (١٣٨٨). نظریه هژمونی آنتونیو گرامشی، کتاب ماه علوم الاجتماعی، شماره ١٦، تهران.

٢. دهقانی، مرضیه، عالی، مرضیه و زوارهای، راحله حجی (٢٠١٧). تحلیل مقایسه‌های هژمونی فرهنگی در برنامه درسی پنهان متون بین المللی آموزش زبان انگلیسی، فصلنامه مطالعات برنامه درسی ایران، سال یازدهم، زمستان، شماره ٤٣.

٣. فتوحی، سردار(١٣٩٣). عرف عام در نظریه های آنتونیو گرامشی، مطالعات جامعه شناسی، سال ششم، پاییز، شماره بیست و چهارم.

٤. فیوری، جوزپه (١٣٦٠). آنتونیو گرامشی؛ زندگی مردی انقلابی، ترجمه: مهشید امیرشاهی، چاپ اول، تهران: انتشارات خوارزمی.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

1. Fiske, John (2011). Understanding Popular Culture, Routlrdge.
2. Kerkvliet, Benedict J. (2009). "Everyday Politics in Peasant Societies (and Ours)." Journal of Peasant Studies.
3. Strinati, Dominic (2001). An Introduction to Theories of Popular Culture. Translated by Sorayya Paknazar. Tehran: Gameh Nou.
4. Scott, James C. (1985). Weapons of the Weak: Everyday Forms of Peasant Resistance. Yale University Press.
5. Scott, James C. (1990). Domination and the Arts of Resistance: Hidden Transcripts. Yale University Press.
6. Scott, James C. (2009). The Art of Not Being Governed: An Anarchist History of Upland Southeast Asia. Yale University Press.
7. Sivaramakrishnan, K. (2005). "Some Intellectual Genealogies for the Concept of Everyday Resistance." American Anthropologist.
8. Spivak, G.C., 1988. Can the Subaltern Speak? In: C. Nelson and L. Grossberg, eds. Marxism and the Interpretation of Culture. Urbana: University of Illinois Press.

9 . Spivak, G.C., 1999. A Critique of Postcolonial Reason: Toward a History of the Vanishing Present. Cambridge, MA: Harvard University Press.

**Abstract**

Modernization and cultural marginalization are complex phenomena that are prominent in the contemporary era. When a society moves towards renewal and progress, certain traditional cultural elements face the threat of neglect, marginalization, and even extinction. While this process occurs naturally, there are various catalysts that accelerate it and negatively impact cultural identity. When this natural occurrence transforms into cultural hegemony and monopolistic desires for domination and marginalization, its negative effects on national and social identity intensify. When a dominant and powerful culture attempts to marginalize another culture through a colonialist, ideological, racial, or religious agenda, it renders the marginalized culture inactive and leads to its dissolution. Furthermore, values and traditions that have evolved over centuries and proved beneficial to society often disappear. Global cultural hegemony, resulting from the development of material modernity, is a fundamental factor in the marginalization and occupation of local culture across language, art, daily life, and traditional and social values. This research endeavors to demonstrate the factors and motivations that enable this process, presenting theoretical and practical examples and illustrations. The underlying idea of this research is to expose the conditions that facilitate the opening of doors to global and regional cultural hegemony over Kurdish cultural identity and the Kurdish individual's desire to detach from their indigenous culture and adopt foreign cultural identities. The act of preserving Kurdish identity through the theory of cultural resistance is analyzed and presented through postcolonial paradigm and cultural criticism methodology.

**Keywords:** Cultural hegemony, cultural marginalization, cultural resistance, identity preservation.

**الملخص**

تُعد ظواهر التحديث والتهميش الثقافي من الظواهر المعقدة الملاحظة في العصر الراهن. عندما يتجه مجتمع ما نحو التحديث، فإن جزءًا من الثقافات التقليدية يواجه تهديد النسيان والتهميش، بل وحتى الاندثار. تحدث هذه العملية بشكل طبيعي، لكن هناك مجموعة من العوامل التي تسرّع هذه العملية وتترك أثرها السلبي على الهوية الثقافية بطريقة مدمرة .عندما يتحول هذا الحدث الطبيعي من خلال الهيمنة والرغبة في السيطرة إلى استيلاء وتهميش ثقافي، فإن التأثير السلبي على الهوية القومية والاجتماعية يصبح أكثر حدة. عندما تحاول ثقافة مهيمنة وقوية، بأجندة استعمارية أو إيديولوجية أو عرقية أو دينية، تهميش ثقافة أخرى، فإن الثقافة المهمشة تصبح خاملة وتتجه نحو الذوبان. كما أن القيم والتقاليد التي تطورت عبر مئات السنين وكانت مفيدة للمجتمع، تختفي .إن هيمنة الثقافة العالمية نتيجة لتطور عملية التحديث المادي تُعد عاملاً أساسيًا لتهميش واحتلال الثقافة المحلية على مستوى اللغة والفن والحياة اليومية والقيم التقليدية والاجتماعية.تمثل هذه الدراسة محاولة لإظهار العوامل والمحركات التي تجعل هذه العملية ممكنة، وتعرض مجموعة من الأمثلة والصور في هذا الشأن من الناحيتين النظرية والعملية. الفكرة وراء هذه الدراسة هي كشف ظروف فتح باب الهيمنة الثقافية العالمية والإقليمية على الهوية الثقافية الكردية، ورغبة الإنسان الكردي في الانفصال عن ثقافته الذاتية واعتماد هوية ثقافية للأمة المهيمنة.

يمكن تحليل عملية حماية الهوية الكردية من خلال نظرية المقاومة الثقافية وفق النموذج ما بعد الكولونيالي ومنهج النقد الثقافي وعرضها.

**الكلمات المفتاحية:** الهيمنة الثقافية، التهميش الثقافي، المقاومة الثقافية **و** حماية الهوية.